هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
بەشی// ژمێریاری بوودجەی ئاسایی

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة البلديات و السياحة
رئاسة بلدية اربيل
قسم// الحسابات (الميزانية الاعتيادية)

Kurdistan Region – Iraq
Council of Ministers
Ministry of Municipality & Tourism
Presidency of Erbil Municipality

ژمارە: ١٠/٦٣٨
ڕێکەوت: / / ٢٧ کوردی

No:
Date: ٢٠١٨/١/١٨

بۆ / بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦)
بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری و ژینگە پارێزی
بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر
فەرمانگەی پارکی سامی عبدالرحمن

ب / گشتاندن

هاوپێچ نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار/ ب. گشتی دیوان ژمارە (١/١٨٠) لە ٢٠١٨/١/٨ لەگەڵ نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ سکرتاریەتی ئەنجوومەن ژمارە (٥٤٢٤) لە ٢٠١٧/١٢/١٤ هاوپێچ وێنەیەک لە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە(١٢٦) لە ٢٠١٧/١٢/٥ تایبەت بە ڕەسم و کرێی خزمەتگوزاری شارەوانی وە جەخت دەکەینەوە لەسەر جێ بەجێ کردنی بڕگەی (١) لە خشتەی ژمارە(٢) کرێی خزمەتگوزاریی شارەوانیەکان بۆتان ڕەوانە دەکەین بۆ ئەنجام دانی کاری پێویست .

لەگەڵ ڕێزمان

هاوپێچ :
گ/ بەرایەکان

ئەندازیار
سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سێ
هاتوو
ژمارە / ١٠٨
ڕێکەوت ٢٠١٨/١/٢٨

وێنەیەک بۆ :
✍ لیژنەی بەدواداچوونی کۆمپانیای میدیا تیک /لەگەڵ ڕێزمان
✍ ژمێریاری / لەگەڵ بەرایەکان
✍ خۆبەتی
✍ ئەرشیف
✍ ووردەبین
✍ خولاو

| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان - عێراق<br>ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان<br>خۆیەتی | Kurdistan Region - Iraq<br>Council of Ministers<br>Ministry of Municipality & Tourism<br>General Directorate of Divan | اقليم كوردستان - العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة البلديات والسياحة<br>المديرية العامة للديوان |

ژمارە:
No.

بەروار:
Date:

٢٧ ی کوردی

بۆ/ دەستەی گشتی گەشت و گوزارو گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان و فەرمانگەکانی سەربەوەزارەتمان

ب/ گشتاندن

بەهاوپێچ وێنەیەک لەنووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران /سەرۆکایەتی دیوان ژمارە(٥٤٣٤) لە ٢٠١٧/١٢/١٤ لەگەڵ هاوپێچەکەی و وێنەیەک لە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە(١٢٦) لە ٢٠١٧/١٢/٥ بۆتان ڕەوان دەکەین بۆئاگاداریتان و جێ بەجێ کردنی ناوەڕۆکەکەی .

لەگەڵ ڕێزدا

هاوپێچ///
وێنەیەک لە هەردوو نووسراوی سەرەوە

نەورۆز مەولوود محەمەد ئەمین
وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار
٢٠١٨/١/

وێنەیەک بۆ////

- بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی/ لەگەڵ بەراییەکان
- خولاو

| هەرێمی کوردستان ـ عێراق | | إقليم كوردستان ــ العراق |
| --- | --- | --- |
| سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | | رئاسة مجلس الوزراء |
| سکرتاریەتی ئەنجومەن | Kurdistan Regional Government<br>Council of Ministers | سكرتارية المجلس |

ژمارە: ٥٤٣٤ No:

ڕێکەوت: ٢٣ / سەرماوەز / ٢٧١٧ ی کوردی Date: ٢٠١٧/١٢/١٤

بۆ/ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار/ نووسینگەی تایبەتی بەڕێز وەزیر

وەزارەتی دارایی و ئابووری

بابەت/ بڕیاری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران

هاوپێچ لەگەڵ ئەم نووسراوە وێنەی بڕیاری کۆبوونەوەی ژمارە (٣٧)ی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/٥ بە ژمارە (١٢٦) لە ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/٥ دەنێرین بۆتان.

لەگەڵ ڕێزدا.

هاوپێچ: بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٦) لە ٢٠١٧/١٢/٥.

د. ئامانج ڕەحیم

سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران

ژمارە:
No:

ڕێکەوت: / / ٢٧ ی کوردی
Date: / /

<u>وێنەیەک لەگەڵ ھاوپێچ بۆ:</u>

- دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دیوان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت وەزارەتەکان/ جگە لە هەردوو وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و دارایی و ئابووری/ نووسینگەی تایبەتی بەڕێز وەزیر، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی وەبەرهێنان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی میدیا و زانیاری، لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی ئابووری، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین، لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت دەستە و فەرمانگە و لایەنە نەبەستراوەکانی سەر بە وەزارەت، لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەن/ لەگەڵ بەراییەکان، لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد/ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی بڕیاری هاوپێچ لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی یاسایی، لەگەڵ ڕێزدا.
- خولاو.

هەرێمی کوردستان - عێراق

إقليم كوردستان - العراق

ئەنجومەنی وەزیران

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٢٦) لە ٢٠١٧/١٢/٥

بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی ڕسووماتی تایبەت بە داهاتی شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر خزمەتگوزارییەکان وەردەگیرێت لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی (١) لە ماددەی دووەم لە یاسای (داهاتی شارەوانییەکان) ژمارە (١٣٠)ی ساڵی ١٩٦٣، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٧) لە بەرواری ٢٠١٧/١٢/٥، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە نووسراویان ژمارە (٩٤٤٠) لە ٢٠١٧/١١/٢٢، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٧) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٢/٥، و دوایەدوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٠) لە ٢٠١٦/٢/٣، بڕیاردرا بە:

١. وەرگرتنی ڕسووماتی تایبەت بە داهاتی شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر خزمەتگوزارییەکان وەردەگیرێت لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی (١) لە ماددەی دووەم لە یاسای (داهاتی شارەوانییەکان) ژمارە (١٣٠)ی ساڵی ١٩٦٣ لەو کەسانەی کە یاسای ئاماژەپێدراوی سەرەوە دەیانگرێتەوە بە پێی خشتەی ژمارە (١)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە دەبێت بە ناوی (خشتەی ڕەسمی خزمەتگوزاری شارەوانی لە هەرێمی کوردستان) کە (٩) نۆ بڕگەیە و بە بڕگەی ژمارە (١) (ڕەسمی پیشە (رسم المهنة)) دەستپێدەکات، و بە بڕگەی ژمارە (٩) (ڕەسمی عمولەی عەلوە) کۆتایی دێت.

٢. وەرگرتنی کرێ (أجور) لە بەرامبەر خزمەتگوزارییەکانی دەستنیشانکراو لە ماددەی (٢٨) لە یاسای (بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان) ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەمووارکراو کە لەلایەن شارەوانییەکان پێشکەش دەکرێن پشتبەست بە ماددەی پێنجەم لە یاسای (داهاتی شارەوانییەکان) ژمارە (١٣٠)ی ساڵی ١٩٦٣ لەو کەسانەی کە یاسای ئاماژەپێدراوی سەرەوە دەیانگرێتەوە بە پێی خشتەی ژمارە (٢)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە دەبێت بە ناوی (خشتەی کرێی خزمەتگوزاری شارەوانییەکان (أجور خدمات البلديات) لە هەرێمی کوردستان) کە (٥) پێنج بڕگەیە و بە بڕگەی ژمارە (١) (کرێی پشکنین) دەستپێدەکات، و بە بڕگەی ژمارە (٥) (کرێی ساڵانەی ناوچە پیشەسازییەکان کە دەبێت لەلایەن شارەوانییەوە وەربگیرێت) کۆتایی دێت.

هەرێمی کوردستان/عێراق | إقليم كوردستان/العراق
ئەنجومەنی وەزیران | مجلس الوزراء

٣. کۆکردنەوە و وەرگرتنی ڕسوومەکانی شارەوانییەکان لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی (١) لە ماددەی دووەم لە یاسای داهاتی شارەوانییەکان هەموارکراو ژمارە (١٣٠)ی ساڵی ١٩٦٣ دەبێت.

٤. ڕێژەیەك لە داهاتی هاتوو لە هەردوو خشتەی (١) و (٢)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە تەرخان دەکرێتەوە بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بەپێی ڕێککەوتنی نێوان هەردوو وەزارەتی ناوبراو لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و بەکاردێت بۆ پەرەپێدانی کاروباری شارەوانییەکان، و ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار خەرج دەکرێت لەبەر ڕۆشنایی یاسا و ڕێنماییە داراییەکان.

٥. لە کاتی سەرپێچیکردن لە پێدانی ڕسووم و کرێیەکانی هاتوو لەم بڕیارە، ئەوا شارەوانییەکان لەبەر ڕۆشنایی یاسای (داهاتی شارەوانییەکان) ژمارە (١٣٠)ی ساڵی ١٩٦٣ مامەڵە لەگەڵ سەرپێچیکاراندا دەکات.

٦. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەتوانێت ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکات.

٧. کار بە هیچ بڕیار و ڕێنمایەکی دارایی ناکرێت دژ بە ئەحکامەکانی ئەم بڕیارە بێت.

٨. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکەن.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

# خشتەی ژمارە (١)

## خشتەی ڕەسمی خزمەتگوزاریی شارەوانی

## لە هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

## خشتەی ژمارە (١)

خشتەی ... رەسمی ... خزمەتگوزاری شارەوانی لە هەرێمی کوردستان

| ز | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی ڕەسم لە شارەکان/ دوای پێداچوونەوە | بڕی ڕەسم لە قەزاکان و ناحیەکان/ دوای پێداچوونەوە |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕەسمی پیشە (رسم المهنة) | %٧ لە سەدا حەوت لە کرێی ساڵانە بۆ گشت موڵکەکانی شارەوانی و موڵکەکانی تری حکومی و موڵکەکانی تایبەت | %٧ لە سەدا حەوت لە کرێی ساڵانە بۆ گشت موڵکەکانی شارەوانی و موڵکەکانی تری حکومی و موڵکەکانی تایبەت |
| ٢ | ڕەسمی هەڵواسینی تابلۆ (رسم القطعة) — أ/ تابلۆی یەکەمی سەر شوێنی کارەکە | (٣٠،٠٠٠) سی هەزار دینار ساڵانە بۆ (١) یەك مەتر دووجا | (٢٥،٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار ساڵانە بۆ (١) یەك مەتر دووجا |
| | ب/ تابلۆی تری سەر بیناکان و تەنیشت بیناکان | (٢٠،٠٠٠) بیست هەزار دینار ساڵانە بۆ (١) یەك مەتر دووجا | (١٥،٠٠٠) پانزە هەزار دینار ساڵانە بۆ (١) یەك مەتر دووجا |
| | ج/ ڕەسمی ڕیکلامی تەلەفزیۆن و ئێزەری و هەر شێوازێکی تری ڕیکلام | (١٢٥،٠٠٠) سەد و بیست و پێنج هەزار دینار ساڵانە بۆ (١) یەك مەتر دووجا | (١٢٥،٠٠٠) سەد و بیست و پێنج هەزار دینار ساڵانە بۆ (١) یەك مەتر دووجا |
| ٣ | تابلۆی کۆمپانیاکان لەسەر زەوی شارەوانییەکان کە گرێبەستیان هەیە لەگەڵ شارەوانی یان بە هەر شێوازێکی تر سوودمەند بوون لەو پایەتە | (١٢٠،٠٠٠) سەد و بیست هەزار دینار ساڵانە بۆ (١) یەك مەتر دووجا | (١٢٠،٠٠٠) سەد و بیست هەزار دینار ساڵانە بۆ (١) یەك مەتر دووجا |
| ٤ | ڕەسمی مۆڵەتی بینا (إجازة البناء) بۆ یەکەی نیشتەجێ | (١،٠٠٠) هەزار دینار بۆ (١) یەك مەتر دووجالە بینا | (٧٥٠) حەوت سەد و پەنجا دینار بۆ (١) یەك مەتر دووجا لە بینا |

هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

## خشتەی ژمارە (١)

خشتەی ... خزمەتگوزاری شاردوانی لە هەرێمی کوردستان

| ز | جۆری خزمەتگوزاری ... | | بڕی ڕەسم لە شارەکان/ دوای پێداچوونەوە | بڕی ڕەسم لە قەزاکان و ناحیەکان/ دوای پێداچوونەوە |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | ڕەسمی مۆڵەتی بینای بازرگانی | | (٢,٠٠٠) دوو هەزار دینار بۆ (١) یەك مەتر دووجا لە بینا | (١,٥٠٠) هەزار و پێنج سەد دینار بۆ (١) یەك مەتر دووجا لە بیـ |
| ٦ | ڕەسمی ساڵانە | أ/ یانەکانی سەندیکای پیشەییەکان و کۆمەڵایەتییەکان | (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار ساڵانە | (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار ساڵانە |
| | | ب/ مۆڵ و یانە وەرزشییەکان و مەلەوانگەکان | (١,٥٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار ساڵانە | (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار ساڵانە |
| ٧ | ڕەسمی گۆڕەپانی فرۆشتنی ئاژەڵ | | (%١) لە سەدا یەك لەنرخی فرۆشتن | (%١) لە سەدا یەك لەنرخی فرۆشتن |
| ٨ | ڕەسمی کوشتارگە (مجزرة) | أ/ بۆ ئاژەڵی گەورە | (١,٠٠٠) هەزار دینار بۆ هەر سەرێك | (١,٠٠٠) هەزار دینار بۆ هەر سەرێك |
| | | ب/ بۆ ئاژەڵی بچووك | (٥٠٠) پێنج سەد دینار بۆ هەر سەرێك | (٥٠٠) پێنج سەد دینار بۆ هەر سەرێك |
| ٩ | ڕەسمی عمولەی عەلوە | | (%٢) لە سەدا دوو لە کرێی ساڵانە | (%٢) لە سەدا دوو لە کرێی ساڵانە |

هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

# خشتەی ژمارە (٢)

## خشتەی کرێی خزمەتگوزاریی شارەوانییەکان

## (أجور خدمات البلديات)

## لە هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران

# خشتەی ژمارە (١)

ی کرێی خزمەتگوزاری شارەوانییەکان

(اجور خدمات البلديات)

لە هەرێمی کوردستان

| | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی کرێی خزمەتگوزاری لە شارەکان/ دوای پێداچوونەوە | بڕی کرێی خزمەتگوزاری لە قەزاکان و ناحیەکان/ دوای پێداچوونەوە |
|---|---|---|---|
| کرێی فڕێدانی خۆڵ و خاشاک (اجور رفع النفايات) | ٤٨- گۆڕەپانی وەستانی ئۆتۆمۆبیل | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە |
| | ٤٩- گەراجی شوشتنی ئۆتۆمۆبیل و ڕوون گۆڕین | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە |
| | ٥٠- عەلوە | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە |
| | ٥١- کارگە ستراتیژییەکان | (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار مانگانە | (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار مانگانە |
| | ٥٢- کارگە کۆنکرێتییەکان | (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار مانگانە | (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار مانگانە |
| | ٥٣- ئاشەکان | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە |
| | ٥٤- سەرتاشخانەکان (پیاوان - ئافرەتان) | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە |
| | ٥٥- گەرماوەکان | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە |
| | ٥٦- کوشتارگەکانی (مجزرة) دەواجن + ئاژەڵ | (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار مانگانە | (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار مانگانە |
| | ٥٧- شیرنەمەنی و هەویرکاری | (١) یەك لیتر × (١٠٠) سەد دینار مانگانە | (١) یەك لیتر × (١٠٠) سەد دینار مانگانە |
| | ٥٨- شوێنەکانی فرۆشتنی تایە و پاتری ئۆتۆمۆبیل | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە |
| | ٥٩- شوێنی فرۆشتنی مەوادی کیمیاوی و پەینی کشتوکاڵی | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە |

هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

خشتەی ژمارە ( )

خشتەی کرێی خزمەتگوزاریی شارەوانییەکان

(اجور خدمات البلديات)

لە هەرێمی کوردستان

| | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی کرێی خزمەتگوزاری لە شارەکان/ دوای پێداچوونەوە | بڕی کرێی خزمەتگوزاری لە قەزاکان و ناحیەکان/ دوای پێداچوونەوە |
|---|---|---|---|
| کرێی فڕێدانی خۆڵ و خاشاک (اجور رفع النفايات) | ٦٠- دوکانەکانی داتاشی بچووک | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە |
| | ٦١- کەناڵەکانی ڕاگەیاندن (ڕادیۆ و تەلەفزیۆن) | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە |
| | ٦٢- بانکە بازرگانییەکان | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە |
| | ٦٣- کۆشکەکانی سەر شۆستەکان و عارەبانەکانی سەر شۆستە و شەقامەکان | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە |
| | ٦٤- فیتەری و گشت پیشەییەکانی ئۆتۆمۆبێل | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە |
| کرێی قیرتاوکردن | [redacted] ٢٥٠٠٠ | [redacted] ٢٠٠٠٠ | واجیهە × پانی قیر × (٨,٠٠٠) هەشت هەزار دینار دابەش (٤) چوار |
| | [redacted] ٤٠٠٠ | واجیهە× [redacted] (٧,٠٠٠) حەوت هەزار دینار دابەش (٢) دوو ١٥٠٠٠ | واجیهە× (٧,٠٠٠) حەوت هەزار دینار دابەش (٢) دوو |
| | [redacted] ٢٥٠٠٠ | واجیهە × پانی شۆستە × (٨,٠٠٠) هەشت هەزار دینار دابەش (٤) چوار ٢٠٠٠٠ | واجیهە × پانی شۆستە × (٨,٠٠٠) هەشت هەزار دینار دابەش (٤) چوار |
| | [redacted] ٢٠٠٠ | واجیهە × (٧,٠٠٠) حەوت هەزار دینار دابەش (٤) چوار ١٧٥٠ | واجیهە × (٧,٠٠٠) حەوت هەزار دینار دابەش (٤) چوار |
| | ٥- پیادەڕۆ ١٠٠٠٠ | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار × پانی شەقام × واجیهەی دابەش (٢) دوو | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار × پانی شەقام × واجیهەی دابەش (٢) دوو |

هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

## خشتەی ژمارە (٢)

[illegible] کرێی خزمەتگوزاری شارەوانییەکان

(اجور خدمات البلديات)

لە هەرێمی کوردستان

| | جۆری خزمەتگوزاری | | بڕی کرێی خزمەتگوزاری لە شارەکان/ دوای پێداچوونەوە | بڕی کرێی خزمەتگوزاری لە قەزاکان وناحیەکان/ دوای پێداچوونەوە |
|---|---|---|---|---|
| کرێی هەڵدانی خۆڵ و خاشاک (أجور رفع النفايات) | ٢٩- ماست فرۆشەکان | | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە |
| | ٣٠- نۆرشی فرۆش | أ- کارگە (معمل) | (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار مانگانە | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە |
| | | ب- دوکان | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە |
| | ٣١- ناردفرۆشەکان | | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە |
| | ٣٢- دوکانەکان (تحفيات ، بەرگدوور، کمالیات، پەڕاوگە، قرطاسیە..هتد) | | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە |
| | ٣٣- فرۆشیاران بە کۆمەڵ | | (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار مانگانە | (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار مانگانە |
| | ٣٤- شوێنی فرۆشتنی بەستە-گۆشت-کەرستەکانی خۆراك | | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە |
| | ٣٥- فرۆشتنی خواردنەوەی گیانی (مشروبات روحية) | | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە |
| | ٣٦- دوکانەکانی وێنەگرتن و تاقیگەکان | | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە | (٥,٠٠٠) پێنج هەزار دینار مانگانە |
| | ٣٧- دوکانەکانی فۆتۆکۆپی | | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە | (٨,٠٠٠) هەشت هەزار دینار مانگانە |
| | ٣٨- گۆرەپانی فرۆشتنی کەرەستەی بیناسازی | | (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار مانگانە | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە |

هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

## خشتەی ژمارە ( )

نرخی خزمەتگوزاری شارەوانییەکان

(اجور خدمات البلديات)

لە هەرێمی کوردستان

| | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی کرێی خزمەتگوزاری لە شارەکان/ دوای پێداچوونەوە | بڕی کرێی خزمەتگوزاری لە قەزاکان و ناحیەکان/ دوای پێداچوونەوە |
|---|---|---|---|
| کرێی فڕێدانی خۆڵ و خاشاک (أجور رفع النفايات) | ٣٩- گۆڕەپانی سەرەکی بۆ گواستنەوەی هاووڵاتیان (لە ناوەوە و دەرەوە) | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە |
| کرێی فڕێدانی خۆڵ و خاشاک (أجور رفع النفايات) | ٤٠- گۆڕەپانی لاوەکی بۆ گواستنەوەی هاووڵاتیان (لە ناوەوە و دەرەوە) ئەهلییەکان | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە |
| کرێی فڕێدانی خۆڵ و خاشاک (أجور رفع النفايات) | ٤١- باخچەکان بە گازینۆ و چێشتخانەوە | (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار مانگانە | (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار مانگانە |
| کرێی فڕێدانی خۆڵ و خاشاک (أجور رفع النفايات) | ٤٢- نووسینگەکان بە گشتی | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە |
| کرێی فڕێدانی خۆڵ و خاشاک (أجور رفع النفايات) | ٤٣- کارگەکان: أ/ کارگەی گەورە ئەوانەی یاسای ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٩١ دەیانگرێتەوە | (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار مانگانە | (٤٠,٠٠٠) چل هەزار دینار مانگانە |
| کرێی فڕێدانی خۆڵ و خاشاک (أجور رفع النفايات) | ٤٣- کارگەکان: ب/ کارگەی بچووک ئەوانەی بڕیاری ژمارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٩٠ دەیانگرێتەوە | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە |
| کرێی فڕێدانی خۆڵ و خاشاک (أجور رفع النفايات) | ٤٤- کۆمپانیا بازرگانییەکان | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە |
| کرێی فڕێدانی خۆڵ و خاشاک (أجور رفع النفايات) | ٤٥- شوێنی فرۆشتنی بۆیاغ | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە |
| کرێی فڕێدانی خۆڵ و خاشاک (أجور رفع النفايات) | ٤٦- تۆرنەچی | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە |
| کرێی فڕێدانی خۆڵ و خاشاک (أجور رفع النفايات) | ٤٧- کارگەی دروستکردنی خواردنەوە گازیەکان و ئاوی خواردنەوە | (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار مانگانە | (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار مانگانە |

هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

# خشتەی ژمارە (٢)

خشتەی کرێی خزمەتگوزاریی شارەوانییەکان

(أجور خدمات البلديات)

لە هەرێمی کوردستان

| | جۆری خزمەتگوزاری | | بڕی کرێی خزمەتگوزاری لە شارەکان/ دوای پێداچوونەوە | بڕی کرێی خزمەتگوزاری لە قەزاکان و ناحیەکان/ دوای پێداچوونەوە |
|---|---|---|---|---|
| کرێی فڕێدانی خۆڵ و خاشاک (أجور رفع النفايات) | ٨- فرۆشیاری جۆراوجۆر کە خاشاکیان کەمە | | (٧,٥٠٠) حەوت هەزار و پێنج سەد دینار مانگانە | (٥,٠٠٠) پێنج هەزار دینار مانگانە |
| | ٩- خواردنگەی گەس و فەلافل | | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە |
| | ١٠- فرۆشیاری (گۆشت- ماسی) | | (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار مانگانە | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە |
| | ١١- سەوزەفرۆشەکان لە سەرچاوە سەرەکییەکان | | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە |
| | ١٢- دوکانەکانی ناو کۆڵانان | | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە | (٨,٠٠٠) هەشت هەزار دینار مانگانە |
| | ١٣- سەموونخانە (حەجەری و ئۆتۆماتیک) و نانەواخانە | | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە | (٨,٠٠٠) هەشت هەزار دینار مانگانە |
| | ١٤- چاپخانە بچووکەکان | | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە | (٥,٠٠٠) پێنج هەزار دینار مانگانە |
| | ١٥- گازینۆ | أ/ بە باخچە | (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار مانگانە | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە |
| | | ب/ بێ باخچە | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە |
| | ١٦- ساردەمەنی فرۆشەکان (مرطبات) | | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە |
| | ١٧- سینەماکان | | (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار مانگانە | (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار مانگانە |

هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

# خشتەی ژمارە (٢)

خشتەی کرێی خزمەتگوزاریی شارەوانییەکان

(اجور خدمات البلديات)

لە هەرێمی کوردستان

| | جۆری خزمەتگوزاری | | بری کرێی خزمەتگوزاری لە شارەکان/ دوای پێدا چوونەوە | بری کرێی خزمەتگوزاری لە قەزاکان و ناحیەکان/ دوای پێدا چوونەوە |
|---|---|---|---|---|
| کرێی فڕێدانی خۆڵ و خاشاک (اجور رفع النفايات) | ١٨- چاپخانەکانی ئەهلی | | (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار مانگانە | (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار مانگانە |
| | ١٩- نۆرینگەی پزیشکی | | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە |
| | ٢٠- سەنتەری پزیشکی ئەگەر یەك دکتۆر بێت | | (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار مانگانە | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە |
| | ٢١- سەنتەری پزیشکی ئەگەر لە یەك دکتۆر زیاتربێت | | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە |
| | ٢٢- تاقیگەکان | أ- ئەوانەی بەیانیان و ئێواران کاردەکەن | (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار مانگانە | (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار مانگانە |
| | | ب- ئەوانەی تەنها ئێواران کاردەکەن | (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار مانگانە | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە |
| | ٢٣- دەرمانخانەکان | | (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار مانگانە | (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار مانگانە |
| | ٢٤- کۆگای دەرمان (مذخر) | | (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار مانگانە | (٤٥,٠٠٠) چل و پێنج هەزار دینار مانگانە |
| | ٢٥- نۆرینگەی پاریدەدەری تەندروستی | | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە |
| | ٢٦- نەخۆشخانەی ئەهلی | | (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار مانگانە | (١٥٠,٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار مانگانە |
| | ٢٧- سەنتەرەکانی مساج و چارەسەری سروشتی (العلاج الطبيعي) | | (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار مانگانە | (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار مانگانە |
| | ٢٨- سەنتەرەکانی جوانکاری | | (٧٥,٠٠٠) حەوتا و پێنج هەزار دینار مانگانە | (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار مانگانە |

هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

## خشتەی ژمارە (٢)

خشتەی کرێی خزمەتگوزاریی شارەوانییەکان

(أجور خدمات البلديات)

لە هەرێمی کوردستان

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | | بڕی کرێی خزمەتگوزاری لە شارەکان/ دوای پێداچوونەوە | بڕی کرێی خزمەتگوزاری لە قەزاکان وناحیەکان/ دوای پێداچوونەوە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کرێی پشکنین | | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار بۆ یەک مامەڵە | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار بۆ یەک مامەڵە |
| ٢ | کرێی بەکارهێنانی شۆستە (إشغال رصيف) بۆ ماوەیەکی کاتی وەکو دروستکردنی بینا | أ/ بۆ بینای نیشتەجێ | (١,٥٠٠) هەزار و پێنج سەد دینار بۆ (١) یەک مەتر دووجا لە شۆستە (رصيف) بۆ هەر (٦) شەش مانگ | (١,٠٠٠) هەزار دینار بۆ (١) یەک مەتر دووجا لە شۆستە (رصيف) بۆ هەر (٦) شەش مانگ |
| | | ب/ بۆ بینای بازرگانی | (٥,٠٠٠) پێنج هەزار دینار بۆ (١) یەک مەتر دووجا لە شۆستە (رصيف) بۆ هەر ساڵێك | (٤,٠٠٠) چوار هەزار دینار بۆ (١) یەک مەتر دووجا لە شۆستە (رصيف) بۆ هەر ساڵێك |
| ٣ | کرێی فڕێدانی خۆڵ و خاشاک (أجور رفع النفايات) | ١- (مارکێت - سوپەرمارکێت - مۆڵ - چێشتخانە - هۆتێل - مۆتێل) | (١) یەك لیتر × (١٠٠) سەد دینار مانگانە | (١) یەك لیتر × (١٠٠) سەد دینار مانگانە |
| | | ٢- پێشانگاکان بە هەموو جۆرەکانی | (١) یەك لیتر × (١٠٠) سەد دینار مانگانە | (١) یەك لیتر × (١٠٠) سەد دینار مانگانە |
| | | ٣- ئەو شوێنانەی کە حاویەیان نییە | (٥,٠٠٠) پێنج هەزار تا (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە | (٣,٠٠٠) سێ هەزار تا (٧,٠٠٠) حەوت هەزار دینار مانگانە |
| | | ٤- ئەمامگەکان (مشاتل) | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە |
| | | ٥- دوکانی فرۆشتنی جگەرە | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە |
| | | ٦- بەنزینخانەی پلە ١/ | (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار مانگانە | (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار مانگانە |
| | | ٧- بەنزینخانەی پلە ٢/ | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار مانگانە | (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار مانگانە |